# بۆ ڕۆژی خۆشەویستی... !؟. م. حەمید عەزیز



گوولە ئەمڕۆ گوولم هێنا
تا هەناسەی تێکەڵ بەهەناسەت کا
لەمێژە گووڵ تەنیا ئەگری
بیری پەپولەکەی ئەکا
منیش گوولە بیری تۆم کرد
باپێکەوە خەم بەین بە با
لەهەر کوێ بم بیرت ئەکەم
خۆشم دەوێی پڕ بەدنیا
تۆ عەشقیت و دنیای جوانی
پەنجەرەی سۆز بەڕوی منا
توخوا جوانیت بابنۆشم

گوولە ئەمڕۆ تەمەن ئەیبا
ژین غەدارە سبەی پیرین
کەس سەیری من و تۆ ناکا
بەلافاوی تەمەن ئەڕوا
هەموو جوانی بەرەو فەنا
دەتوخوا گوولە ماچێک
بادەرچێ ڕۆح بۆتۆ قەینا
من کەتۆم دی هەمووم بیرچوو
من کە بۆتۆ گوولم هێنا

M_Hamidaziz@hotmail. com